www.kurdistannet.org
15-3-2003 1:28

# بایادی کارەساتەکانی هەڵەبجەو ئەنفال

# بکەین بەسەرەتای شۆڕشێکی ئاشتیخوازانەی رزگاریمان

**شاخەوان شۆڕش**

وەک ئاشکرایە نەتەوەی کورد یەکێکە لەنەتەوە هەرەکۆنەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و گەورەترین نەتەوەی بێستاتی جیهانە. دیارە بیرۆکەی ناسیونالیستانەی کورد لەسەردەمی هۆزانڤان و رۆشنبیری نەمر خانی یەوە دەستپێدەکات، هەرچی خەباتی چەکداری یا بزووتنەوەی چەکداری نەتەوایەتی و ناسیونالیستانەی خەڵکی کوردستانە ئەوا بەراشکاوی لەگەڵ شۆڕشەکەی میر بەدرخان لەناوەراستی سەدەی نۆزدەهەمدا دەستپێدەکات. بەداخەوە لەگەڵ ئەوەی نەتەوەی کورد ملیۆنەها گیانی بەنرخی لەدەستداوە، بەڵام نەیتوانیوە بەئامانجی رەوای خۆی کە سەربەخۆیی کوردستانە بگات.

وڵاتانی داگیرکەری کوردستان چواردەوری کوردستانیان تەنیووە، ئەمەوای کردووە خەڵکی کوردستان نەتوانن لەهیچ لایەکەوە دەستیان بگاتە وڵاتێکی دۆست یا بێلایەن، تاکو بتوانن بۆ یارمەتی سوودی لێوەرگرن. ستاتە داگیرکەرەکانی کوردستانیش هەمیشە لەسەر نابووتکردنی خەڵکی کوردستان و سەرکوتکردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورددا تەبابووینەو یەکدەنگ بووینە. گەورە دەسەڵاتدارانی جیهانیش بەدرێژایی دووسەدەی رابردوو، گرنگیان نەداوەتە خەباتی کوردان و پشتیان لێیانکردووە، شانبەشانی داگیرکەرانی کوردستان سەرکوتی کوردایەتی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کوردیان کردووە هەروەها لەبەر رۆشنایی بەرژەوەندی ناسیونالانەی خۆیاندا سەیری کێشەی کوردیان کردووەو بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان هێناوە. ئەمەجگەلەوەی کوردخۆی لەگەلێ کات و دەرفەتدا لەئاستی بەرپرسیاری و پێویستدا نەبووە. .

جگەلەمانەی سەرەوە، ئەو سیستەمە نێونەتەوەییەی لە یاسا ئەنتەرناسیونالەکاندا خۆی دەنوێنێ و ستاتە سەربەخۆکانی جیهان پەیڕەوی دەکەن، سیستەمێکە ستاتە سەربەخۆکان لەقۆناغی جیاجیادا بۆخۆیان و بۆ قازانج و بەرژەوەندی ناسیونالانەی خۆیان دایانڕشتووە. لەم سیستەمەدا ستاتە سەربەخۆکان ئەکتەری سەرەکین و کەمینەکان یا تاکەکانی کۆمەڵ گرنگیەکی ئەوتۆیان پێنەدراوە.

شایانی باسە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ساردو هاتنی سیستەمێکی نوێی جیهانی مافەکانی مرۆڤ گرنگیەکی زیاتری پێدراوەو زیاتر لەئاستی ئەگێندەی رۆژئاواو جیهاندا هاتووەتەپێش. ئەم گرنگی پێدانەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بوونەتەهۆی هاتنەکایەی دیاردەی دەستێوەردانی مرۆڤانە لەستاتی نادیموکراسی و دیکتاتۆر و سەربەخۆدا. ئەم دیاردەی دەستێوەردانی مرۆڤانەیە کێشەیەکی گەورەی بۆ گەلێ لەیاسا نێونەتەوەییەکان کەتائێستا پەیڕەوکراون و لەلایەن ستاتە نادیموکراسیەکانەوە پشتگیری دەکرێن هێناوەتەدی، بۆیەش مشتومڕی زۆر لەم بارەیەوە هەن. دیاردەی هاتنەپێشەوەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ تارادەیەک وایکردووە یاساو سیستەمی نێونەتەوەیی چەندهەنگاوێک بەرەو سیستەمێکی مرۆڤانەتر بچێت، بۆیەش ئەمڕۆ دەتوانرێ بۆبردنەپێشەوەی کێشەی نەتەوەژێردەست و کەمینەکان سوودی لێوەربگیرێت.

ئەم سیستەمە نوێیە بانگاشەی دیموکراسی، ئازادی، مافەکانی مرۆڤ، ئاشتی و بەیەکەوەژیانی ئاشتیخوازانە دەکات، راست یا درۆ ئەوانەی سەرجلەوی ئەم سیستەمەن ئەوەدەڵێن و خۆیان خاوەنی سیستەمی دیموکراسیانەن، بۆیە واپێناچێ دژی بڵاوبوونەوەی سیستەمی دیموکراسیانە بن.

بەتاقیکردنەوە سەلمێندراوە، گەر سیستەمێک تاڕادەیەک دیموکراسی بێت و بڕوا بەپرینسیپە دیموکراسیەکان بهێنێ، ئەوا دەکرێ خۆپیشاندان و نارەزایی ناتووندووتیژو ئاشتیخوازانە بۆچارەسەری کێشە ئێتنیەکان کاریگەریان هەبێت. .

ئێمەی کورد دەتوانین سوود لەچەمک و بەها گرنگەکانی ئەم سیستەمە وەرگرین و بۆ بەرژەوەندی کێشەکەمان بەکاری بهێنین، بەتایبەتی گەر بزانین خەباتی کورد گەلێ کارەسات و تراژیدیای جەرگبڕ دەگرێتەخۆی، ئەوکارەسات و تراژیدیایانەی ویژدانی مرۆڤایەتی ناتوانێ بۆیان نەکەوێتەسەرچۆک.

بۆنموونە پێویستە کارەساتەکانی هەڵەبجەو ئەنفال هەروەها بۆنەو کارەساتە نەتەوەییەکانیتر بۆئەم مەبەستە ژیرانە سوودیان لێوەربگیرێت و بەکاربهێنرێن.

چۆن؟ ئەم کارەسات و بۆنە نەتەوایەتیانە دەکرێ لەزۆر لایەنەوە سوودیان بێ لەوانە یادکردنەوەی ئەم کارەساتانە بۆنموونە کارەساتی هەڵەبجە بەشێوەیەکی زۆرکاریگەرانەو هەمیشەییانە. لەیادەکاندا بەهەزاران و دەیان هەزارمان گەورەوبچووک برژێینەسەر شەقامەکانی شارەگەورەکانی کوردستان بەتایبەتی جیهان، لەو شوێنانەی کوردیان لێن، بەسەدان ئاڵای کوردستان و دروشمی ئاسان و گونجاو بەرزبکەینەوە، رۆژنامەو کەناڵەکانیتری میدیاکان ئاگاداربکەینەوە تاکو لەرێگایانەوە چاکترو کاریگەرانەتر تراژیدیاکە بەخەڵکی جیهان بگەیەنین، لەتاوانەکانی ستاتە داگیرکەرەکانی کوردستان ئاگاداریان بکەینەوە، داوای پشتگیری بۆ کێشەکەمان بکەین، دەنگمان بگەیەنینە هەموو ئەو شوێنانەی بڕیاری گرنگی لێدەدرێت، خەڵکی جیهان و دەسەڵاتدارانی جیهان تێبگەیەنین کەوا ئێمەی کورد مافی خۆمانە وەکو ئەوان بەئازادی بژین، خاوەنی وڵاتی خۆمان بین و سەربەخۆبژین. ئەم رێپێوانانە نابێ ماندووبوونی بۆهەبێ و پسانەوەی هەبێ، پێویستە تا سەرکەوتنی یەکجارەکیمان ساڵانەو بەبەردەوامی بکرێن. .

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣**